

# گۆرانییەکەی سەکیما

Ursula Nafula
Peris Wachuka
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3

barneboker.no



سەکیما لەگەڵ دایك و باوك و خوشکە چوار ساڵەکەی دەژیا. ئەوان لەسەر زەوی پیاوێکی دەوڵەمەند بوون. کەپرە حەسیرییەکەی ئەوان کەوتبووە کۆتایی سپی دارەکان.



کاتێك سەکیما تەمەنی سێ ساڵان بوو، نەخۆش کەوت و بینایی لە دەست دا. سەکیما کەسێکی لێهاتوو بوو.



سەکیما زۆر شتی دەزانی کە منداڵانی دیکەی تەمەن شەشساڵان نەیاندەتوانی. بۆ نموونە دەچوو لەگەڵ ڕیش سپییانی گوندەکەیان دادەنیشت و وتووێژی لەسەر بابەتی گرنگ دەکرد.



دایك و باوكی سەكیما لە ماڵی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە كاریان دەكرد. ئەوان بەیانیان زوو دەڕۆیشتن و ئێواران درەنگ دەهاتنەوە. سەكیما لەگەڵ خوشكە چوار ساڵانەكەی بە تەنیا دەمانەوە.




سەکیما حەزی لە گۆرانیگوتن بوو. ڕۆژێك دایکی لێی پرسی:

“سەکیما، ئەو گۆرانییانە لە کوێ فێر بوویە؟




سەکیما وەڵامی دایەوە: "هەر لەپڕ بۆم دێن، دایە. من لە مێشکی خۆم گوێم لێ دەبن و دواتر دەیانڵێمەوە."



سەکیما پێی خۆش بوو گۆرانی بۆ خوشکە بچووکەکەی بڵێت، بەتایبەت کاتێك برسی دەبوو. سەکیما ئەو گۆڕانییەی دەگوتەوە کە خوشکەکەی حەزی لێبوو و ئەویش گوێی بۆ ڕادەگرت. خوشکەکەی خۆی ڕادەژاند کاتێك گوێی لە سترانە ئارامکەرەوەکە دەگرت.



خوشکەکەی هەموو جارێ داوای لە سەکیما دەکرد و دەیگوت: “دەتوانی دووبارە گۆرانییەکەم بۆ بڵێیەوە؟” سەکیماش بە قسەی دەکرد و دووبارە گۆرانییەکەی بۆ دەگوتەوە.



شەوێکیان کاتێ دایك و باوکی هاتنەوە، ئەوان زۆر بێدەنگ بوون.

سەکیما دەیزانی کە شتێك ڕووی داوە.



سەکیما لێی پرسین: “دایە، بابە، چی ڕووی داوە؟” سەکیما تێگەییشت کە کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکە بزر بووە. پیاوەکە ئێستا زۆر نیگەرانە و هەست بە تەنیایی دەکات.




سەکیما بە دایك و باوکی گوت: “من دەتوانم گۆرانی بۆ بڵێم. لەوانەیە دووبارە خۆشحاڵ بێتەوە.” بەڵام دایك و باوکی هاوڕا نەبوون لەگەڵی. ئەوان گوتیان: “ئەو زۆر دەوڵەمەندە. تۆ تەنیا کوڕێکی نابینای. پێت وایە گۆرانییەکەی تۆ یارمەتی ئەو دەدات؟”



لەگەڵ ئەوەشدا سەکیما هەر پێداگری دەکرد. خوشکە بچووکەکەشی پشتگیری کرد و گوتی: “کاتێك برسی دەبم، گۆرانییەکەی سەکیما ئارامکەرەوەیە بۆ من. هەروەها گۆرانییەکە پیاوە دەوڵەمەندەکەش ئارام دەکاتەوە.”




ڕۆژی دواتر سەکیما داوای لە خوشکە چکۆلەکەی کرد کە بیبات بۆ
ماڵی پیاوە دەوڵەمەندەکە.



سەکیما لەژێر پەنجەرەیەکی گەورە ڕاوەستا و ئەو گۆرانییەی گوتەوە کە خۆی پێی خۆش بوو. وردە وردە پیاوەکە سەری لە پەنجەرەکە هێنا دەرەوە.




کرێکارەکان دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت. ئەوان گوێیان بۆ سترانە دڵڕفێنەکەی سەکیما ڕاگرتبوو، بەڵام پیاوێك گوتی: "کەس نەیتوانیوە دڵنەوایی خاوەنکارەکەمان بداتەوە. ئێستا ئەم منداڵە نابینایە دەیهەوێ دڵنەوایی بداتەوە."



سەکیما گۆرانییەکەی تەواو کردو و ڕووی وەرسووڕاند بۆ ئەوەی بڕوات، بەڵام پیاوە دەوڵەمەندەکە بەخێرایی هاتە دەرێ و گوتی: "تکایە دووبارە گورانییەکە بڵێوە."



هەر لەو کاتەدا دوو پیاو هاتن کە دارمەیتێکیان پێ بوو. ئەوان کوڕی پیاوە دەوڵەمەندەکەیان دۆزیبووەوە. ئەو لێی درابوو و لەسەر شەقام کەوتبوو.




پیاوە دەوڵەمەندەکە زۆر خۆشحاڵ بوو کاتێ دووبارە چاوی بە کوڕەکەی کەوتەوە. ئەو پاداشتی سەکیمای کرد لەبەر ئەوەی دڵنەوایی دابووەوە. ئەو کوڕەکەی و سەکیمای برد بۆ نەخۆشخانە. سەکیما دووبارە بینایی بۆ چاوانی گەڕایەوە.

# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## گۆرانییەکەی سەکیما


Skrevet av: Ursula Nafula
Illustret av: Peris Wachuka
Oversatt av: Agri Afshin



Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.



Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.